دیە نزار:

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# لە بازی بەرز پلەی یەکەمم لە سەر ئاستی عێراق بەدەست هێناوە

شاری سلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردوە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی لە ئاستە جیاوازەکانی تەمەن داوە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش دیە نزارە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانییە و ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەتایبەت لە یاری بازی بەرز بەشدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد، ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**دیمانە: کارزان کانەبی - فۆتۆ: ئیبراهیم یەشار**



*** له نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- له ڕێگای چەند دۆست و خزمێکمەوە ئاشنا بووم بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان و دواتر هەستمکرد دەتوانم ئاستی ڕاستەقینەی خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی ئەم یارییە زۆر باشە و بە شێوەیەکی باش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

*** ئەی لە شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەیبینی؟**

-لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان زۆر پێشکەوتووە، چونکە لەلایەن یانەکانەوە گرنگی زۆری پێ دەدرێت لە چاو یارییەکانی دی، یاریزانانی یانەکانیش ئەنجامی بەرچاویان بووە.

***پێت باشە چی بکرێت، بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-وەکو کچە یاریزانێك پێم باشە زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت و ئاوڕی جددی لێ بدرێتەوە، هاوکاری باشی ئەم یارییەش بکرێت .

*** وەکو یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت تا ئێستا چین؟**

-چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە بازی بەرز توانیومە پلەی یەکەم لە سەر ئاستی عێراق بەدەستبهێنم.

*** لەئێستادا بەرنامەت چییە؟**

- هەموو هەوڵێکم ئەوەیە بتوانم ئەنجامێکی باشتر بەدەست بهێنم و بگەمە ئاستێکی بەرز بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەم.

*** کێشەو گرفتیان لەم یارییە چییە؟**

-وەکو یانە هیچ کێشەیەکمان نییە و هاوکاریی باش دەکرێین.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

-لە خانەوادەکەمان یاریزانی زۆری تێدایە و هەموومان حەزمان بە وەرزشە و کچە خاڵ و پوورەکانیشم لە نێو ئەم یارییەن.

***خانەوادەکەت ڕێگرێت لێ ناکەن لە وەرزشکردنت ؟**

-بەپێچەوانەوە، ئەو پەڕی هاوکاریم دەکەن لە وەرزشکردن ئەوانیش هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستم.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-تاکە هیوای من ئەوەیە بتوانم بەشداری پاڵەوانیەتی جیهانی بکەم و بتوانیم ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنم و بتوانم ژمارەی پێوانەیی عێراقی بشکێنم.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

-بە ڕاهێنەرەکەی خۆم کە کاتی خۆی ئەنجامی یەکجار باشی هەبووە و دەمەوێت بگەمە ئاستی ئەو.

*** بە گرێبەست یاریيان بۆ دەکەن، یاخود تەنیا بە مووچە؟**

-نەخێر تەنیا مووچەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-هیوادارم هەر کەسێك دەتوانێ کە وەرزش بکات لە هەر یارییەك سەرکەوتووە با بێتە نێو وەرزش و خزمەت بکات، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بن.



# لە ئیسپانیا خەڵاتێک بەناوی میسی دەکرێت



خاڤێیر تێباسی سەرۆکی ئەنجوومەنی لالیگای ئیسپانیا ئاشکرای دەکات، کە بیرۆکەیەک هەیە هاوشێوەی خەڵاتی زازا، کە ساڵانە پێشکەش بە باشترین گۆڵکاری لالیگا دەکرێت، دوای خانەنشین بوونی لیۆنێل میسی یاریزانی بەرشلۆنە خەڵاتێک بە ناوی (خەڵاتی میسی) پێشکەش بە باشترین یاریزانی لالیگا بکرێت و لە داهاتووشدا کار لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەکرێت.

خاڤێر تێباسی سەرۆکی لالیگا بەمشێوەیە لە بارەی ئەم بیرۆکەیە گوتی: بەخشینی خەڵاتی میسی بیرۆکەیەکە کەسانێک دایان ڕشتووە و پێویستە لە داهاتوودا بە باشی بیری لێ بکرێتەوە پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

من پێموایە میسی دوای وازهێنانی لە یاریکردن بە باشترین یاریزانی مێژوو ناوی دەنوسرێتەوە، هەرچەندە ئێستاش باشترینی مێژووە، بیرۆکەیەکی جوانە، کە دوای خانەنشین بوونی مێسی خەڵاتێکی دیاری بکرێت وەکو خەڵاتی میسی پێشکەش بە باشترین یاریزانەکان بکرێت، کە خەڵاتێک بە ناوی زازا هەبێت و بدرێت بە باشترین گۆڵکاری لالیگا، چۆن ناکرێت خەڵاتێک بە ناوی میسیش هەبێت و بدرێت بە باشترین یاریزانی لالیگا، کەواتە بیرۆکەی خەڵاتی میسی بیرۆکەیەکی جوانە و لە داهاتووشدا کاری جدی لەسەر دەکرێت.



## ئیبراهیمۆڤیچ لە خولی ئینگلیزی نزیکە

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی سویدی یانەی لۆس ئەنجلۆس گالەکسی ئەمریکی یانەی داهاتووی ئاشکرا دەکات و لەوانەیە کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی.

گۆڵکارەکەی پێشووی یانەکانی ئەنتەر میلان و بەرشلۆنە و مانچستەر یۆنایتد بە بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆی باس لە یانەکەی داهاتووی دەکات و نووسی: من لێرەم لەگەڵ (جەیمس کاردان)ی کۆمێدیکاری بەریتانی و داوام لێدەکات، کە پەیوەندی بە یانەی وێستهام یونایتد بکەم.

دوای بڵاوبونەوەی ئەم گرتەیە زلاتان گوتی: ئەم قسانەم تەنها بۆ خۆشی کردووە و تا ئێستا بیرم لە جێهێشتنی یانەکەم نەکردووە.

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لە ماوەی رابردوودا دەنگۆی ئەوەی لەسەر بڵاوبۆوە، کە لەلایەن بەرپرسانی هەر یەک لە یانەکانی ئەیسی میلان و ریال مەدرید گرنگی پێ دەدرێت.

# مانچستەر یۆنایتد بودجەیەکی گەورە دەخاتە بەردەستی مۆرینهۆ

سەرچاوە رۆژنامەوانییەکانی ئینگلتەرا ئاشکرایانکرد کارگێڕیی مانچستەر یونایتد بڕیاری داوە لە ماوەی گواستنەوەی زستانەی ئەمساڵدا، بڕە پارەیەکی باش بخەنە بەردەستی راهێنەرە پۆرتوگالییەکە بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی تیپەکەی.

رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی گوتی: کارگێڕیی مانچستەر یونایتد بڕیاریداوە پشتگیری مۆرینیۆ بکات بە بڕی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ لە ماوەی گواستنەوەی زستانەی ئەمساڵدا، بۆ ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی راهێنەرەکە داوایان دەکات.

رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە، تاکە مەرجی کارگێڕیی مانچستەر یونایتد بۆ مۆرینیۆ ئەوەیە، کە ئەو یاریزانانەی داوایان دەکات دەبێ بتوانن توانای یانەکە زیاد بکەن و تیپەکە بەهێز بکەن و ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە، کە ئێستا تیپەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

مۆرینیۆ پێشتر هەوڵیدابوو گرێبەست لەگەڵ رافایێل ڤارانی بەرگریکاری ریال مەدریددا بکات لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ئەمساڵدا، بەڵام کارگێڕیی یانەکە بەوە رازی نەبوون، ئێستا هەلێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو راهێنەرە ئومێدەکەی بەدی بهێنێت.

رۆژنامەکە ئاشکرایکرد جیا لە ڤاران، ئامانجی سەرەکی مۆرینیۆ گرێبەستکردنە لەگەڵ هێرشبەرێکی سەرە ڕمدا بەتایبەت، کە ئاستی رۆمیلیۆ لۆکاکۆ لە ماوەی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.




## تۆتنهام گرێبەستی ئەستێرەیەکی نوێکردەوە

بە فەرمی یانەی تۆتنهام گرێبەستی دێلی ئالی یاریزانی یانەکەی نوێکردەوە.

یانەی تۆتنهام لە ماڵپەڕی فەرمی بڵاویکردووە، کە گەیشتووە رێککەوتن لەگەڵ دێلی ئالی و بە فەرمی گرێبەستەکەیان تاوەکو ساڵی ٢٠٢٤ نوێکردووە.

جگە لە نوێکردنەوەی گرێبەستەی مووچەی هەفتانەی ئالی هاوشێوەی مووچەی هاری کەین، هیونگ مین سون، داڤنسۆن سانچێز، ئێریک لامێلا و هاری وینکس کرایەوە، کە ئەوانیش بە هەمان شێوە گرێبەستی دوورو درێژیان لەگەڵ تۆتنهام هەیە.

ئالی تەمەنی ٢٢ ساڵە و پێشتر لە یانەی میلتۆن دۆنزی ئینگلیزییەوە لە ساڵی ٢٠١٥ پەیوەندی بە یانەی تۆتنهام کردووە و لەگەڵ یانەکە تاوەکو ئێستا ١١١ یاری ئەنجامداوە و ٣٨ گۆڵیشی تۆمارکردووە.






# فێرگەی باسکەی یانەی سلێمانی یاریزان بەرهەم دەهێنێت

یانەی وەرزشیی سلێمانی سالانە چەندین فێرگەی جۆراوجۆر دەکاتەوە بە ئامانجی دروستکردن و پێگەیاندنی ژمارەیەك لە یاریزانان بۆ شاری سلێمانی و بۆ یانەکە، ئەمسالیش جیاواز لە سالان فێرگەی تۆپی باسکەی یانەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوەتەوە بە ئامانجی دروستکردنی یاریزانان لە ئاستەکانی تەمەن لە نێوان (٦بۆ١٥) سال، لە بارەی دروستکردنی ئەو فێرگەیەو پێگەیاندنی یاریزانانیش راژان حەسەن راهێنەری تیپی باسکەی فێرگەی یانەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەم فێرگەیە تەنیا بۆ ماوەی سێ مانگ نییە لە وەرزی هاوین، بەلکو بەردەوام دەبێ بۆ ماوەی پێنج سال تا بتوانین کۆمەلێك یاریزانی باش پێبگەیەنین و بتوانین وەکو یانەی سلێمانی و شاری سلێمانی سوودیان لێ وەربگرین، بەپێی ئاستەکانی تەمەن یاریزانەکانمان جیا کردۆتەوە، بەلام وەکو تیپ جارێك تیپێکی تەواومان نییە کە پشتیان پێ ببەستین، چونکە ماوەیەکی کەمە ئەم فێرگەیە دامەزراوە، بەلام لە داهاتوو دەتوانین تیپی باش دروست بکەین.» گوتیشی: «هۆلێکی باشمان هەیە بەپێی ژمارەی یاریزانان تۆپمان هەیە و منیش وەکو راهێنەری کچان کە زیاتر لە ٣٥ کچە یاریزانمان لایە، هیوادارم بتوانم لەم ماوەیە زۆرترین زانیاری و یارییان فێربکەم، بەدلنیاییەوە ئەو فێرگانە کاریگەری باشیان دەبێ و وردە وردە لە هەموو شارەکان فێرگە دروست دەبێت و سوودی زۆریشی دەبێت، ئێمەش لەسەرەتادایین و ئەو خولانە سوودی زۆریان دەبێت، منیش وەکو کچە راهێنەرێك ئامانجم هێنانە پێشەوە و دروستکردنی چەندین کچە یاریزانی لاوە لە یاریی باسکە فێربوونی یاریی باسکە، بۆ ئەوەی بتوانین لە ئایندەی نزیك تیپێکی تۆکمە بۆ شاری سلێمانی و یانەکەمان و هەرێمی کوردستان دروست بکەین، ئامانجی ئێمە خزمەتکردن و دروستکردنی یاریزانە بۆ یاریی باسکە لە هەردوو رەگەز هیوای زۆریشمان هەیە کە بتوانین لە داهاتوو بەم یاریزانانە ئەنجامان هەبێت.



# هەندرێن
## شەڕی ئەنجام دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەندرێن دوای ئەوەی وەرزی رابردوو توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزەش دەیەوێت هەمان ئاستی سالانی پێشوو دووبارە بکاتەوە بەهۆی هەبوونی کۆمەلێك یاریزانی لاو، ئەمسالیش خولی نایابی کوردستان خولێکی دوو قۆناخییە و سەرجەم یانەکان یاری لەگەل یەکتر دەکەن، بۆیە زۆربەی تیپە بەشداربووەکانی ئەمسال چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولەکە، لەم بارەشەوە دلشاد مەعروف، راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەندرێن، بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەمسال خولی نایابی یانەکانی کوردستان خولێکی بەهێز دەبێت، ئێمەش وەکو یانەی هەندرێن ئامادەکارییەکی باشمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین لەم وەرزەدا، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە، گۆڕانکاریمان کردووە لە ریزی پێکهاتەی یانەکەمان، ئەویش بە رۆیشتنی ژمارەیەك لە یاریزانان و هێنانی ژمارەیەك یاریزانی دیکە



# کوڕە کوردێک خۆی گەیاندە ڕۆناڵدۆ

زۆرن ئەو کەسانەی تامەزرۆن بۆ بینینی ئەستێرەکانی تۆپی پێ و بۆ گرتنی وێنەیەکی یادگاری و گەیشتن بە خەونەکانیان هەموو هەوڵێك دەدەن، لە وڵاتی بەریتانیاش لە هەفتەکانی پێشوو کاتێك لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە یاریی نێوان هەردوو یانەی مانچستەریونایتدو یۆڤانتۆسی ئیتاڵی کوڕێکی کوردی نیشتەجێبووی شاری مانچستەر، کە کوردێکی باشووری کوردستانە خۆی گەیاندە کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤانتۆس، لە بارەی گەیشتنی بەم ئەستێرە جیهانییە دیلمان بەختیار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەیەکی زۆرە خەونی ئەوەم هەبوو بگەمە ڕۆنالدۆی ئەستێرەی جیهانی، چونکە بەردەوام خۆشەویستییەکی بێوێنەم بۆی هەبووە، لە شاری مانچستەریش پلێتی چۆنە ژوورەوەی یاریم بۆ ڕێککەوت و ئەو خەونەی لەمێژینەم هاتەدی، دوای ئەوەی رامکرد بۆ لای کریستیانۆ پاسەوانانی یاریگا منیان گرت و لە زەوییاندام، ڕۆناڵدۆش گوتی: لێی گەڕێن بزانن چی دەوێت، منیش پێم گوت دەمەوێ تەنیا وێنەیەکت لەگەڵ بگرم و تۆم خۆش دەوێ، بۆیە ئەویش گوتی: مۆبایلت پێیە؟ منیش گوتم: بەڵێ، لێی وەرگرتم و وێنەیەکی چرکاند. گوتیشی: «هۆکاری پاڵپێوەنانم بەم کارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا زۆر شت لە ڕۆنالدۆ فێربووم و لاسایی ئەویش دەکەمەوە، کە خۆم یاریزانی تیپی شۆشال کلوپ وای ستارم کە تیپێکە لەوێ یاری دەکەم و لە چەندین تیپی وڵاتی بەریتانیا یاریم کردووە، لە داهاتووشدا هەوڵدەدەم ببمە یەکێك لە ئەستێرەکانی یانە گەورەکان، من لە داهاتوودا زۆر حەزدەکەم لە نزیکەوە کریستانۆ ببینمەوە بۆ ئەوەی داوای فانیلەکەی لێ بکەم، یان واژوویەك لەسەر درێسێك بکات و پێم بدات، من ئەو کارەم کردووە تەنیا لەبەر خۆشەویستیی ڕۆنالدۆ بووە و بەرنامەی من نییە لە داهاتوو کاری وا بکەمەوە، چونکە هیوایەکەم هاتەدیَ.»

جێگای ئاماژەپێکردنە دیلمان شەهید بەختیار خەڵکی دەڤەری پشدەر و بتوێنە و پێشووتر لە شارۆچکەی چوارقوڕنە نیشتەجێ بووە و ئێستاش لە وڵاتی بەریتانیا دەژی.





لە یانەکانی پێشمەرگە و ئارارات و برایەتی و سەرخستنی ژمارەیەك لە یاریزانانی لاو لە تیپی یانەکەمان، ئێستا پێکهاتەی یانەکەمان نیوەی لاوە و ئەوانی تریش بەئەزموونن، وەکو راهێنەری تیپەکەش متمانەی تەواوم بە خۆمان هەیە کە بتوانین کێبڕکێ بکەین لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، لە رووی داراییشەوە هیچ گرفتێك لە تیپەکەمان نییە و یاریزانان مووچە و گرێبەستیان هەیە و بەرزترین گرێبەست لە یانەکەمان هەشت ملیۆن دینار و کەمترینیش یەك ملیۆن دینارە لەگەڵ هەبوونی مووچە بۆ یاریزانان، وەکو تیپ ئامانجمان ئەوەیە بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین و چەند یاریزانێکی تازەشمان هێناوە، وەکو ستافی راهێنەرانیش بڕوای تەواومان بەم تیپە لاوە هەیە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بتوانین لە ناو یانەکانی کوردستان ژمارەیەکی گەورەی خولەکە بین و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین لە ئەنجامدانی یارییەکانیش تیپێکی گەورە بین و بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، ئێستاش دەستپێکی خولەکەیە و جارێك یاریی زۆر ماوە لە خولەکە بە پاڵپشتی یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و راهێنەران دەتوانین ژمارەیەکی گەورە بین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەم وەرزەدا.»

**فۆتۆ:تەلعەت نوری**